# لەماوەی (٦) مانگی ڕابردوو (٨٨) حاڵەتی مردنی لاوان لەنەخۆشخانەی گشتی دەربەندیخان تۆمارکراوە، کە (٤) لەوان خۆیان کوشتووە

**ئەدیبە ئەحمەد/ دەربەندیخان**

ئاشکرایە توێژی گەنجان یەکەم پێکهاتە سەرەکیەکانی ناوکۆمەڵگان، و ئەو توێژە دەتوانێت کۆمەڵگا بەرەو ئاراستەیەکی ئەکتیڤ بەرێت، بێ گومان ئەمەش لەکاتێکدا دەبێت کەزەمینەی تەواو بۆ بەگەڕخستنی توانای لاو بڕەخسێت، بەلام ئەوەی جێگای سەرنجە لەماوەی (٢٠) ساڵی ڕابردوو تائەمڕۆ پێم وایە نەتوانراوە بەشێوەیەکی گونجاو کاربۆ بەرەو پێشچونی تواناو نەهێشتن یان چارەسەری کێشەی گەنجان بەگشتی بکرێت، لەکاتێکداگرنگ بوو بەپێی پلانی تۆکمە کاریان بۆبکرێت وچیتر لە قەیرانی دەرونی دوربخرێنەوە، هەرئەو فەرامۆشکردنە وای کردووە گەنجان توشی بێ هیوای ببن، هەندێک جار ئەو بێ هیواییە وای لێ دەکات پەنا بۆخۆکوشتن یان هەندێک جار لەژیاندا گۆشەگیربن وبەئەستەم بتوانن لەشتەکان تێبگەن.

بەپێی ئامارێک وەرمانگرتووە لەماوەی یەک مانگدا ئەولاوانەی ڕوویان لەنەخۆشخانەی گشتی دەربەندیخان کردووە، زیاتر لە(٤٠) لاو لەبەشی فریاکەوتنی ئەو نەخۆشخانەیە چارەسەری سەرەتاییان بۆکراوە تەمەنیان لەنێوان (١٨-٣٥)ساڵ بووە کەزۆربەیان بەهۆی شەڕکردن یان برینداری خۆبەخۆ یان ڕووداوی هاتوچۆو لەکاتی نائاسایی لێخوڕنی ماتۆڕسکیلەوە بووە.

سەبارەت بەگرفتی دەرونی گەنجان وئەو نائومێدییەی لەئێستادا ڕووی لەگەنجان کردووە، ڕای چەند بەڕێزێک دەخەینەڕوو:

**-کارمەندێک لەبەشی فریاگوزاری لەنەخۆشخانەی گشتی دەربەندیخان وتی:** "لەکاتی پرسیارکردن دەردەکەوێت زۆربەی ئەوگەنجانەکەتوشی ڕووداو دەبن لەڕووی دەروونیەوە نائارامن"، ئەوکارمەندە پێی وابوو: "لاوان فکرکردنەوەوتێڕوانینیان بۆژیان لەپێش واقیعی خۆیانە کەتێیدادەژین"، وتیشی "گرنگی نەدان بەتوانایان وەنەبوونی بیمەی کارکردن زیاتر توشی بێهوایی و گرفتیان دەکات، بوونی سەنتەرێکی تایبەت کەلەڕووی نەفسیەوە چارەسەری لاوان بکات، لەکاتی نائاسایدا بیانگێڕێتەوە باری ئاسایی خویان پێش ئەوەی دەستی بچێتە خۆی، یاخود توشی چەندین حاڵەتی ناخۆش ببێت، لەهەمووشارێکدا زۆرپێویستە".

لەهەمان کاتدا بەپێی ئامارێک لەپزیشکی دادوەری ئەو نەخۆشخانەیە لەماوەی (٦) مانگی ڕابردوو (٨٨) حاڵەتی مردن تۆمارکراوە، کە (٥٣) حاڵەتی تەمەنیان لەنێوان (١٨-٣٥)ساڵە،کەلەڕووداوی هاتوچۆ، سوتان، خنکان، و (٤) لەکۆچکردوانە خۆیان کوشتووە .

**-موسلیم تەمەن ٢٠ ساڵ پێی وایە:** "گەنجان بەگشتی و گەنجانی دەربەندیخان بەتایبەتی زۆرکەم لەژیانی خۆیان ڕازین، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆنەبوونی هاندەرێک کەگەنجان ئاراستەبکات بۆئەوەی ژیانێکی ئاسودە بەسەربەرن وبتوانن پلان بۆداهاتویان دابنێن، و هۆکاری ئابوری کاریگەری لەسەر دەرونی لاوان هەیە، چونکە هەر پرۆژەیەک لەمێشکی لاو دروست دەبێت، پێوستی بەبڕێک پارەدەبێت لەوکاتەدا توانای بەدەستهێنانی نیە توشی گرفتی دەرونی دەبێت، هۆکارێکی ئەو قوتابیەی دەخوێنێت ئەولاوانەی پێش خۆی دەبینن کەخوێندنیان تەواو کردەوە ئاوڕی جدیان لێنەدراوەتەوە، بەمەش قوتابیانی تەواوبێهیواکردووە لەبەردەوام بوون لەخوێندن.

ئەوگەنجە تەمەن ٢٠ساڵە دەڵێت: "ئەرکی حکومەتە ئاوڕی تەواو لەلاوان بداتەوە، بۆ ئەوەی بتوانن ژیانێکی ئاسودە بەسەر بەرن، وەلەڕووی ئابوریەوە یارمەتیان بدرێت وەئەوانەی هەر بەهرەیەکیان هەیە کار ئاسانیان بۆ بکرێت کە بتوانن لە ڕێگەی بەهرەکەیەوە سود بە خۆیی و کۆمەڵگەکەی بگەیەنێت، وەبەگەنجانیش دەڵێم نابێت گرفتەکان لەسەرخۆیان گەورە بکەن پەنا بۆ شتی نایاسایی و خۆ کوشتن بەرن لەم کاتەدا ئەم پەنا بردنە دەگەڕێتەوە بۆ کەمی ڕۆشنبیری و تێنەگەیشتنیان، بۆیە زۆر پێویستە لە بەرامبەر کێشەکان گەورەبن.

**-توێژەری کۆمەلایەتی (ئەکبەر حەسەن) سەبارەت بەو ئامارەوگرفتی دەرونی، ڕای وابوو:** "گەنجان بەگشتی تایبەندمەندی خۆیان هەیە، لەڕووی مەعنەویی تایبەتدمەندی لەگەنجانی دەربەندیخان بەدی دەکرێت، گەنجێکی هوشیار و فکرکردنەوەیان زۆرە لەکاتێک دەبینن ژیانیان لەگەڵ فکرەکانیان نیە لەم کاتەدا بێ هیواییەکیان تیادابەدی دەکرێت، بۆیە لەڕووی دەرونیەوە زۆر ئارام نیە، بەمەش کێشە زیاد دەکات، و چەند ژیان بەرەو پێش بچێت کێشەی دەرونی کۆمەلایەتی ڕوولەزیاد بون دەکات،گەنج لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیادا کۆمەڵێک ئالیەت و شتی پێشکەوتوو دەبینێت،کە تەمەنای ئەوشتانە دەکات و بۆی بەدی نایەت لەو کاتەداگەنج توشی شکست دەبێت لەڕووی دەرونییەوە، بەڕادەیەک توشی نائومێدی دەبێت هەندێک جارپەنا بۆخۆکوشتن دەبات.

گەنجێکی یاسایی پێی وایە: "بەهۆی فەراغی ڕۆحی، چونکە چەند ژیان ئاڵۆزبێت ئەونە لاوتوشی گرفتی دەرونی پاشان پەنا بۆخۆکوشتن دەبات، چونکە هەموو پێشکەوتنەکانی مرۆڤ و کرانەوەی کۆمەڵگەی کوردی بەڕووی دەرەوەدا لەسەرحسابی تەئسیر تێ کردنی ڕۆحی مرۆڤەکانە"، ئەوگەنجە دەڵێت: "پێویستە لاوان بەرنامەیەکی دیاری کراویان بۆژیان هەبێت، ئامانجێکی بالای هەبێت لەژیاندا قوربانی بۆبدات".



**-دیاری، ئەوکوڕە گەنجە گرفتی دەرونی لاودەگەڕێنێتەوە بۆ:** "بوونی فەراغی زۆرو بێ پلانی لەژیان، دیارە فەراغ وادەکات گەنجان بەردەوام لەفکرکردنەوەدابن، وەلاوازی ئیمان هۆکارێکی ترە ئەگەر گەنجان لەزۆرکاتدا باوەڕی دامەزراوبێت باوەڕناکەم بەوڕادەیەش بێ هیواببێت کەپەنا بۆخۆکوشتن بەرێت، پاشان ئاوڕدانەوە لەتوانای گەنج، یارمەتیدانی گەنجان سەرقاڵ کردنیان بەکار، بۆئەوەی توشی کاری ناڕەواو لەڕێ لادەر نەبن، وەدواتر توشی ڕەخنەنەبن لەلایەن کۆمەڵگاوە، وەتوشی تەنگەژەی فکری ودەرونی ببن، دواتر خەمۆکی خۆکوشتن چارەنوسیان بێت" .

**ئەکبەر حەسەنی توێژەر لەدرێژەی لێدوانەکەیدا وتی:** "زۆر پێویستە گرنگی تەواو بەتوانای گەنج بدرێت و سەرقاڵ بکرێت ئەوگەنجەی خەونێکی هەیە لەسەربەهرەو پرۆژە کەلەمێشکی دایە بخرێتەسەرکارو هەلی کارکردنی بۆبڕەخسێنرێت، دیارە ئەمەش بەلێهاتوویی توانای خودی گەنج خۆی وە پاشان زۆر پێویستە حکومەت بەپێی پلانی تۆکمە ودیاری کراو لاوان لەقەیرانی دەرونی ڕزگاربکات، بەپێی بەرنامە لەهەموو بوارەکانی ژیان هوشیار بکرێنەوە، لەبارودۆخیان بکۆڵرێتەوە بزانن کێشەی گەنج چیە بگەڕێن بەدوای چارە سەری گونجاو بۆیان .

# بڕیارم داوە......
# دوای ڕەمەزانیش لەچکەکەم لانەبەم



**تازە باڵاپۆشێک**

ئەمڕۆ سەیری ئاوێنەم کرد، سەیری ڕوخساری خۆمم کرد جیاواز لەکچەکەی جارانم، نازانم چەند ڕۆژێکە بەم سیمایەم خۆشحاڵم، خۆشحاڵیەک لە قوڵاییەکانی دڵمەوە هەڵدەقوڵێت، پەلکێشم دەکات بۆ کەنارەکانی بەهەشت، هەرگیز باوەڕم نەکردووە بڕیارێک ئاوا کەسایەتیم بگۆڕێتو ئاسودەم بکات، جاران هەندێک لە هاوڕێ باڵاپۆشەکانم پێیان دەوتم کە باڵاپۆشی دەقی ئایەتی قورئانو فەرموودەی پێغەمبەر (د.خ) لەسەرە، کەچی من دەمووت:" هەموو ئیسلام جێ بەجێ دەکەم بەڵام لەچک ناتوانم، هەربۆیە زۆر جار چێژم لەپەرستشەکانی تریش وەرنەدەگرت، چونکە دەمزانی خودا بەم شێوازە لێم وەرناگرێت، لەبەرئەوە هەمیشە دەپارامەوە کەخودا یارمەتیم بدات بتوانم لەچک بدەم بەسەرما، بەڵام شەیتان لەڕێگەی ئارایشتو جلو بەرگە جۆراو جۆرەکانەوە، زاڵ بوبوو بەسەرما.

زۆر جار پرسیارم لەخۆم دەکرد من چی زیاد دەکەم کەئەم هەموو گەنجە سەیرم بکەن؟ چی دەبێت؟!! ئای ئێستە چەند بەختەوەرم کەبەسەر شەقامەکاندا دەڕۆم هیچ گەنجێکی بەتاڵە تانەو تەشەرم زۆر لێنادات، ئای خوایە چ بەختەوەریەکە بەرامبەر ئاوێنەکەم دەوەستم، دەست بۆ ئارایشتەکان نابەم، یان گوێم لەو ئایایەتە دەبێت کەداوا لە ئافرەتانی موسوڵمان دەکات خۆیان داپۆشن، حەزدەکەم قورئان خوێنەکە سەد بارەی بکاتەوە تازیاتر دڵم بە باڵاپۆشیەکەم خۆشبێت بەدەر لەم چێژە ڕۆحیەی، جاران بەر لە دەرچونم لەماڵ، دەبوو کاتژمێرێک خەریکی ئارایشتو ڕێکخستنی قژم بم، بەڵام ئێستە هیچ کاتێکی خۆم بەهەدەر نادەم، بێ دوو دڵی لەماڵ دەردەچم.

هەندێک جار بیرم لەوە دەکردەوە کەبڕیاری لەچک بدەم، بەڵام کەبیرم لە وتەی هاوڕێکانمو هەندێک خزمان دەکردەوە، یان وام دەزانی بەم لەچکە ناشرین دەبم، کەچی ئێستە سوپاس بۆ خوا، حەزدەکەم پرسیاری ئەم لەچکەم لێبکەن تاکو منیش بەو پەڕی قەناعەتەوە وەڵامیان بدەمەوە، ئێستە کەسەیری ئاوێنەکە دەکەم دەزانم کەزۆر لەجاران جوانترم، ئەگەر شەیتان نەبێت قژ چییە داپۆشرێت یان نا؟! ئێستە بەم سیمایەوە جێگای ڕێزی زیاترم، دوێنێ حاجی دراوسێمان بەزەردەخەنەوە بەرەو ڕووم هاتو پیرۆزبایی لێکردم وتی: هەرلە فریشتە دەچیت، هاوڕێ دڵسۆزەکانیشم دەست خۆشییان لێکردم پێیان وتم: بۆ دنیایەکی وەها کورت حەیفە خۆت بکەیتە سوتەمەنی دۆزەخ.

ڕاستە زۆریش ڕاستە ڕەنگە کەمن ئێستە ئەم وشانە ڕیزدەکەم سالێکی تر لە نێو گۆڕی تەنگو تاردا بم، ئیدی کەشخەییەکانم چۆن فریام دەکەون، یان ئەوانەی دەیانەوێت پەشیمانم بکەنەوە چ دەسەڵاتێکیان هەیە.

هەربۆیە ئەمڕۆ هەموو ئەو جلە تەسکو تەنگانە لە کەنتۆرەکەم لائەدەم، بڕیاریش بێت جارێکی دی پارە بەو جۆرە جلو بەرگانە نادەم.

خۆزگە هەموو ئەو خانمانەی ئەم ڕمەزانە لەچکیان کردووە، زاڵبن بەسەر شەیتانداو چیدی لەچکەکانیان دوای ڕەمەزان لانەبەن، چونکە نازانین کەی مەرگ دێت؟